


# کۆتایی


**فروغی فەڕوخزاد**

**لە فارسییەوە: خالید فاتیحی**

**(ڕانیە)**


شەو وەک تەمێکی ڕەش لەسەر لکوپۆی درەختەکان نیشتبوو، ئەو ڕەشەبایەی هەڵیکردبوو، گەڵا زەرد و وشکەکانی لەسەر جادەکە بەم لا و ئەو لادا ڕادەدا. بە پەنجە تەزیوەکانی شووشە تەم لێنیشتووەکانی پەنجەرەکەی دەسڕینەوە. گڵۆپەکانی شار لە دوورەوە دەترووسکانەوە و سات بە ساتیش کزتر دەبوون و لە لکوپۆی ئەو درەختانەشدا کە لە تاریکیدا هەڵچووبوون، نیازێک هەبوو، دەتگوت دەستەکانیان بەرەو ئاسمان هەڵبڕیون و لەوسەرەوە لە نێوان هەورەکاندا بە دوای شتێکدا دەگەڕان.

خۆی بەسەر گرێی لەرزۆکی چەرخەکەیدا نووشتاندەوە و جگەرەکەی داگیرساند. بێدەنگی قورسایی خۆی خستبووە سەرسنگی، لە جادەکەوە ڕاما کە وەک گوریسێکی ڕەش بەسەر عەردەکە دەکشاو بەرەو کۆتاییەکی نادیار دەچوو، کە لە تاریکیدا ون بووبوو. لەوێ چ شتێک چاوەڕوانی دەکرد، هەتا ڕووناکایی گڵۆپێکیش دیار نەبوو تا هەڵی خەڵەتێنێ. لەسەر کورسییەکە پاڵیدایەوە و دووکەڵێکی چڕ کە لە نێوان لێوەکانییەوە دەهاتەدەر و بڵاودەبۆوە، وەک کانییەک شەپۆلی دەدا.

کاتێک پنچکێک وشک بوو، ئیدی ناتوانی بە دڵۆپە فرمێسکیش زیندووی بکەیتەوە. دەستی بەرەو شانی پیاوەکە درێژکرد، پەنجەکانی وەک لاسکەگیایەکی ناسک لەسەر ملی کەوتنە جووڵە، بەڵام هێشتا پیاوەکە سارد و بێدەنگ لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو، دەتگوت هەستی بە لاواندنەوەی پەنجەکانی نەدەکرد. هەر بەو ناوچەوانی پان و چەناگەی قایم و ئەو مووە ماشوبرنجانەی دەوروبەری چەناگەی بە ڕق ئەستووری، سووکانەکەی دەسووڕاند و بەرەو لای ئەو کۆتاییە دەڕۆیشت.

بە نائومێدی دەستی کێشایەوە و دیسان لەخۆی پرسی:

«چ شتێک لەوێ چاوەڕوانمە؟»

بۆچی نەیدەویست بەرگەی ئەو شکستە بگرێ، چما بێجگە لەوە هەبوو کە هەر شتێک لە دایک بوون و ژیان و مردنی هەبێت، کاتێکیش گەیشتە قۆناغی مردن، ئیتر ئەوە مردووە و تەواو بووە، بۆچی هەوڵ دەدات دوای مردنی، ئەوشتەی کە ئەو دووانەی لەیەک نزیک کردبووەوە، دیسان ئەو پێوەندییە بپارێزێ، بۆچی دەیویست ئەو پیاوە لە گۆڕستان زیندانی بکات.

هەموو ئەو ڕێگایانەی ئەوی بە پیاوەکەوە دەبەستنەوە، گەیشتبوونە کۆتایی، هەموو ئەو شەقامانەی بە ماڵەکەی ئەو کۆتاییان دەهات، ئەو پلیکانانەی کە دەگەیشتن بە پشتی دەرگای ژوورەکەی، دەتگوت زەنگەکەش لەکارکەوتووە، ئیدی نەیدەتوانی بێدەنگییە سەنگین و خنکێنەرەکەی ژوورەکەش بشڵەقێنێ و ئیتر بریسکەی چاوەکانیشی درپان بە تاریکی نەدەدا.

لەخۆی پرسی: ئەگەر ئەو هەستە لە مندا ڕێڕەوی سروشتی خۆی تەی کردبا و بەرلەوەی ئەو جێم بهێڵێ، کۆتایی هاتبا، ئایا ئێستا من بەو پەرۆشی و تامەزرۆییەوە خوازیاری بینینی ئەو دەبووم، ئەگەر لە نیوەی ڕێگا ئەوم بە جێ هێشتبا، ئایا ئێستا دەیتوانی لەم ساتەدا بەو ساردی و سڕییەوە لە تەنیشتم دابنیشێ؟ لەبەرئەوەی بیرکردنەوەی ئەوی گەیاندبووە ئەو جێگایە هێواش هێواش خەریک بوو لە ڕاستیودروستی بابەتەکە نزیک دەبووەوە، ترسا، دەترسا لەوێ ڕووبەڕووی ساردی و سووکایەتییەکی شکێنەر ببێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ پاراستنی خۆی و ڕزگاربوونی پێویستی بەوە بوو بڕواتەپێش.

لە تاریکیدا ڕوخساری کابرای دەدیت، گنجی ناوچەوانی هێمن و پتەو دەهاتنە بەرچاو. ژنە بە نیگەرانییەوە ڕووی بۆ لایەکی دیکە وەرگێڕا. لێی ڕادەکرد و مەیلیشی بۆ دەچوو. ئایا خۆشی دەویست؟

چ هێزێک ئەوی بۆلای پیاوەکە ڕادەکێشا؟ ئایا خۆشەویستی و عەشق دەیتوانی چ مانایەکیان هەبێ؟

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دۆش داما.

بیری کردەوە: هیچ شتێک بێجگە لە پێویستی ژیانی مرۆڤ فەرمانڕەوایی ناکات، عەشقیش... ساردی فریودەرانەی لە ڕۆحیدا هەست پێ دەکرد، لەرزی، وازی لە درێژەپێدانی ئەم بیرکردنەوەیە هێنا. ڕوخساری بە شووشە ساردەکەوە نووساند و لە نێوان ئەو بازنە ڕوونانەی کە بە پەنجەکانی لەسەر هەڵمەکە دروستی کردبوون، لە جادەکەی دەڕوانی.

دیمەنەکان بە خێرایی بە بەرچاویدا تێدەپەڕین. لە ئاسمانی دوورەوە مانگ لە نیگایەکی خەمناک دەچوو، خانووە دێهاتییەکان کە یەک یەک لە دووری یەکەوە دروست کرابوون، جارجار بە ڕووناکییە کز و سیحراوییەکانیان مەودایەکیان لە نێوان تاریکیدا دروست دەکرد، بەڵام بیرکردنەوە وازی لێ نەدەهێنا، دەتگوت بوونەوەرێکی دیکە لە ناخیدا دەستی کردبوو بە گەڕان.

«عەشقیش... عەشقیش...»

بە پەنجە لەرزۆکەکانی ناوچەوانی ڕێک گوشی، وەک ئەوەی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا قسەدەکات، لەبن لێوانەوە گوتی:

«بۆچی دەتەوێ دنیای من وێران بکەی، بۆچی؟ من هەر ئاوام پێخۆشە، هەر بەو شێوەیە و بەهەمان نەزانینەوە.»

بەڵام ئەندێشەی پێی گوت:

«عەشق هیچ شتێک نییە بێجگە لە پێویستییەک،

تەنیا بەرگی ئاڵووالآیان بەبەردا کردووە، پێویستییەک کە دوو جەستە و دوو ڕۆح بۆ ڕەواندنەوەی تەنیایی یەکتر هەیانە. ئەوان یەکتری دەبیننەوە، لەو گەڕان و هەڵبژاردنەدا ھاندەری سەرەکی هەر ئەو پێویستییەیە، کاتێک لە یەکتری تێر بوون، ئەوکاتە...»

ژنە مکوڕانە سەری ڕاوەشاند:

«نا، نا... عەشق هەرگیز کۆتایی نایەت، هەرگیز.»

«چۆن تەواو نابێ...؟ چۆن... کاتێک من و تۆ تەواو دەبین، کاتێک من و تۆ...»

هەوڵی دا خۆی لەم گێژاوە ڕزگار بکات. ئەو تاریکییەی خۆش دەویست کە نوقمی بووبوو. نەیدەویست لەو سەرەوە بکەوێتە خوارێ. ڕووی لە پیاوەکە کردو چەند جارێک بانگی کرد، بەڵام پیاوەکە دیسان بەو ساردوسڕییە ئازاربەخشەوە وەڵامی دایەوە:

«کاتێک گەیشتینە ئەوێ، هەموو قسەکانمان دەکەین. ڕێگەکە هێندەی نەماوە. دیسان بیربکەوە! بیربکەوە کە دەتەوێ چیم پێ بڵێی.»

نائومێدانە گەڕایەوە ناوخۆی، دیسان پاڵی بە کورسییەکەوە دا، لە تووڕەییان لێوی دەلەرزین. خۆی ڕەها کردبوو، خۆی دابووە دەست بیرکردنەوەکانی.

«دەتەوێ چیم تێ بگەیەنی، چ شتێک؟»

بە بێدەنگی چاوەڕوانی وەڵامەکەی دەکرد. ئەو هەستەی کە بەرەو لای ئەو پەلکێشت دەکات، عەشق نییە... عەشق نییە. ئەو کۆتایی هاتووە، ئەو تێر بووە و تۆش هەر تینووی. تۆ هێشتا تینووی. تۆ لە نیوەی ڕێگە بەجێماوی، تۆ خۆت بە شەیدا دەزانی و ئەو شەیداییەت لە شێوەی عەشق لە تۆدا دەردەکەوێ بۆ ئەوەی فریوت بدات. تۆ بەدوای ئەم کۆتاییەدا دەگەڕێی...

تێدەگەی، تۆ داوای مافێک دەکەی کە هیی خۆت بووە و ئەو بەزۆر لێی زەوت کردووی. ئەگەر چاوەڕێی کردبا، تۆ بەو کۆتاییە بگەی، هەردووک وازتان لە یەکتری دەهێنا، بێ ئەوەی ئەو شتەی کۆتایی هاتووە، هەوڵێک بدەن بۆ دووبارە بە دەستهێنانەوەی.

ژنە بە خەمناکییەوە گوتی:

«کەواتە هەموو شتێک تەواو دەبێت، تەنانەت عەشق و عاشقیش.»

ناوچەوانی گرژ کردن و بە چاوە تاریکەکانی لە کۆتایی جادەکەی دەڕوانی، کە هەتا گڵۆپێکیش لەوێ تروسکایی دیار نەبوو.

«ئەگەر پیاوێک پێی گوتی خۆشم دەوێی، هەرگیز چاوەڕوانی مەبە بۆ هەمیشە خۆشی بوێی، تەنانەت تا بەیانیش خۆشی بوێی. هەر ئەو ساتە، هەر ئەو ساتە خۆشی دەوێی، تێدەگەی.»

ژنە ئاوڕێکی دایەوە و بەسەرسوڕمانەوە لە پیاوەکە ڕاما:

«هەر ئەو ساتە، هەر ئەو ساتە.»

ئەو هێشتا چاوەڕوان بوو بگاتە کۆتایی ڕێگەکە. لەخۆی پرسی:

«بۆچی هاتووم؟»

لەناکاو هەستی کرد دەروونی خاڵییە، گوێی هەڵخست. لەدەرەوە گڤە و وژەی با دەهات، کاتێک تەماشای دواوەی کرد، بێجگە لە تاریکی هیچ شتێکی دیکەی نەبینی.

«دەمەوێ چ شتێکی پێ بڵێم، بۆ سواڵی عەشق هاتووم؟»

دەنگێک لە ناخییەوە هەستا.

«لە هەرماندا بەدوای چیدا دەگەڕێی؟ بەدوای چیدا دەگەڕێی؟ کاتێک من و تۆ... دەڕۆین... ڕۆیشتووەکان بە ڕۆیشتوو هەژمار بکە.»

ڕابوردوو گۆڕێکە.

کاتێک پنچکێک وشک بوو، ئیدی بە فرمێسکی چاو ناڕوێتەوە. کۆڵەگرووییەک ئەوکی گرتبوو. سەری وەسەردەستان کرد، وەک هەمیشە لەخۆی پرسی:

«چ شتێک لەوێ چاوەڕوانم دەکات؟»

ئێستا گەیشتبوونە ئەو کۆتاییە. لەژێر دارچنارێک ڕاوەستان کە لکەکانی بەسەر جادەکەدا پان کردبوونەوە.

مانگ دەتگوت چاوەکانی لێک ناون و خەوتووە، ئەو با یەش کە لە بیابانە چۆڵ و دوورەکەوە دەهات، دەنگ و وڕەوڕی بە ڕوونی دەبیسترا.

کابرا ئاوڕێکی لێدایەوە و خۆی لە نیگاکانی دزیەوە.

«دەتەوێ چی بڵێی؟»

«....»

«من هەموو قسەکانی خۆم پێ گوتووی. دەزانی کەسێکی دیکەم خۆش دەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەم گوێت لێ بگرم، قسەبکە هەرچی دەیڵێی بیڵێ... بەڵکوو شتێک ببێ. کاتێک سێوێک هەڵدەدەی هەتا دەگاتەوە زەوی سەد جار دەخولێتەوە.»

خێرا خێرا قسەی دەکرد، لە دەنگیرا تووڕەیییەکی ئازاربەخش هەبوو. سەری هەڵێناو بە ڕاوێژێکی سووکایەتییەوە گوتی:

«لەلای من دوو ساڵە تەواو بووە، ئەگەر لەلای تۆ تەواو نەبووە، زۆر باشە، قسەبکە»

بەڵام ژنە بێدەنگ بوو، بەڕوخساری شێواو و چاوە هێمنەکانییەوە لە بەرانبەریدا بێدەنگ و بێجووڵە دانیشتبوو، دەنگێک لە ناخیدا زایەڵەی دەهات:

«لە چیدا بەدوای هەرماندا دەگەڕێی؟ ڕابوردوو گۆڕێکە، ڕابوردوو گۆڕێکە.»

بە نائومێدی دەستەکانی بەرەولای دەستی پیاوەکە درێژ کرد، بەڵام ئەو بە ساردییەوە دەستەکانی کێشانەوە و بە چاوەڕوانییەوە لە چاوی ژنەوە ڕاما.

«هیچ قسەیەکت نییە بۆ گوتن؟»

پێڵووەکانی چەشنی دوو سەدەف کەوتنەسەریەک و لە گۆشەیەکەوە دڵۆپە فرمێسکێک لەچەشنی ڕووناکی مرواریيەک کەوتە سەر گۆنای.

«نا.»

« دەتەوێ هەموو ڕۆژێ بمبینی؟»

«نا.»

«دەتەوێ ببیتە هاوڕێم؟»

سەری نەوی کرد و پەنجەکانی لێک ئاڵاندن.

«نا.»

کابرا بە تووڕەییەوە لەسەر کورسییەکە تەکانی دا، بۆ ساتێک لە کپی و بێدەنگی دوورەوە ڕاما، ئەوجا بە هەمان شێوازی وشک و ڕاوێژی سووکایەتی پێکردنەوە گوتی:

«دەی خۆت قسەبکە.»

دڵۆپە فرمێسکێکی دیکە لە پێڵووەکانی ژنە هاتەخوار و لە تاریکیدا درەوشایەوە، ئەوجا ژنە سەری هەڵێناو ڕێک لە چاوی پیاوەکە ڕاما.

«هەر بەو جۆرەی هەیە با وابێ. نامەوێ تەواوبێت، نامەوێ وەک تۆم لێ بێت.»

پیاوەکە دووبارەی کردەوە:

«ئەدی چی؟»

ئەو لە کاتێکدا سەری بە شووشە هەڵماوییەکەوە نووساندبوو، لەسەرخۆ گوتی:

«هیچ.»

**گەلاڕێزانی ١٩٥٧**

**سەرچاوە: کتێبی: (فروغ فرخزاد جادوی جاودانگی)، بە کوشش بهروز جلالی پندری، انتشارات مروارید، سال ١٤٠٣.**